ئایاحیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عیراق ئامادەیە  لەئاوێنەی بزووتنەوەی کرێکاریدا تەماشای خۆی بکات؟

((لەپەیوەند بەکێشەکانی نێو یەکێتی  شوراو نەقابەکرێکارییەکانی عێراقدا))

بزووتنەوەی کرێکاری لەعێراقدا, سەرەڕای پێشینەیەکی مێژوویی  بوونی ملهوڕی و دیسپۆتیزمی حکومەتی بەعس, سەرەڕای داسەپاندنی نەقابە زەردەکان بەسەر شێوازی ڕێکخراوەییاندا, سەرەڕای لەخوێنکێشانی دەنگەتاکە پاڵەوانیەکانی, ... بەڵام بەکۆتاییهاتنی ئەو دەورەیە, بزووتنەوەی کرێکاری و مەیلی ڕادیکاڵ و شۆڕشگێری نێوی دەرفەتی خۆنواندنی سیاسی وکۆمەڵایەتی بۆ ڕەخساو لەنێو تاریکترین ڕۆژگاری شێوانی کۆمەڵگا و کۆمەڵدا وداگیرکاری لەلایەن بەهێزترین هاوپەیمانانی بۆرژوازی جیهانی و دواکەوتووترین و نائینسانیترین ڕەوتی بەرەنگاریی ئیسلامی سیاسیەوە, بەدەرکەوتەی جۆراجۆری یەوە کەبەڕاستی لە موعجیزەی ڕزگاری دەچێت لە نەبەردەکانی شەڕی چینایەتیدا بەنموونەی هێزێکی ئاسۆدارو پەرچەمدار وسەراسەری ولەهەندێك هەوڵی سەرکەوتوانەشدا جەماوەری ئامادەبێت. لەنێو ئەم بزووتنەوەیەدا ڕۆڵی ئاسۆ وستراتیژی وکارایی هەڵسوڕان و هەڵسوڕاوە بەدەربەستەکانی یەکێتی شوراونەقابەکرێکارییەکان سەرەکی و بنەڕەتیە. بزووتنەوەی چەپی جیهانی و هەڵسوڕاوانی بزووتنەوەی کرێکاری لەجیهاندا بەتایبەت ئەوانەی کە پەیوەندییەکی نزیك و دۆستانەیان لەگەڵ ئەم ڕێکخراوو هەڵسوڕاوانە پەیدا کرد, شانازییان بە بوونی هێزێکی لەو جۆرە دەکردو سەرسام دەبوون بەو کارانەی ئەنجامدەدران لە نێو ئەو هەلومەرجەدا. خاڵە درەخشان و ئومێدبەخشەکان لەهەڵدانی ئەم ڕێکخراوەو لەگۆڕینی بۆ تەوەرەیەکی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرێت دەیان ووتاری تر بگرێتە خۆی, بەڵام من لەم نووسینەدا لەسەر هەندێك لایەنی پرەنسیپی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ڕادەوەستم بەشێوەیەکی گشتی و پێویستی سەربەخۆبوونی میکانیزمی ڕێکخراوەیی و ڕابەرییەکەی.

تایبەتمەندی ناسنامەیی  چینی کرێکار لە نێو کۆمەڵگادا, شێوازەکانی  ناڕەزایەتی دەربڕینەیەتی, ئەو میکانیزمانەیە بۆ خۆ دەرخستن و نواندنی دەیگرێتە بەر. چینی کرێکار تا باوەڕدێنێ بە هەقانیەتی حزبێکی سیاسی لەنێو خۆیدا دەیان جار ئەزمونی دەکات.حزبێکی سیاسی پێویستە ڕا بێت لەسەر جۆری بیرکردنەوەو تەفسیری ڕووداوەکان لەبەرژەوەندی چینی کرێکارەوە. بەشداری ڕۆژانەو هەموو مانگ وساڵەکان لەنێو خەباتی بەردەوامی چینی کرێکاردا وڕێکخستنی گونجاودەتوانێت  بتکات بە بەشێك لەنێو کارو کردارەکان ومیکانیزمە خسووسیەکانی چینی کرێکار. هەموو توێژو بەشە جۆراوجۆرە چەوساوەکانی کۆمەڵگا دەست دەبەن بۆ ناڕەزایەتی و داواکاری و خۆپیشاندان و مانگرتن دەکەن و ئیمکانی ئەوە دەدەن بە حزبە سیاسیەکان زۆر بەخێرایی تێکەڵیان ببن و ببنە نوێنەرییان و لائیحەکانیان بگرنە دەست و تەنانەت بەکۆمەڵ ببن بەئەندامیشیان ولەگەڵ دامرکانەوەش حزبیش لەگەڵ ئەزمە ڕووبەڕوودەکەن وبەکۆمەڵ بەبێ ئسیقالەش ریزەکانیان جێدەهێڵن,  بەڵام ئەوە بۆ چینی کرێکار ناتوانرێت بیری لێبکرێتەوە. ئێمە بۆ ئەوەی سەرنجی چینی کرێکاری عێراق  بۆ سیاساتەکانمان ڕابکێشیین پێویستمان بەتەواوی چۆرە کارێکی ترە, تاکتکتیکی ترە, حەوسەڵ وپشوویەکی درێژتری ترە لەگەڵ ژنان, لاوان, مامۆستایان, خوێدکاران,.....وە تەنانەت لەگەڵ بێکاران لەم هەلومەرجە ئابووری وسیاسیەی ئێستادا.

حزبێکی کۆمۆنیست دەتوانێت بەبێ ڕێکخراوەکانی ژنان, منداڵان, لاوان, پزیشکان, ڕۆژنامەنووسان, ڕۆشنبیران.....وسیاسەتی خۆی بەرێتە پێش و گەشە بکات و لەنێو هاوکێشەسیاسییەکانیشدا قوتب بێت. بەڵام بەبێ بوونی ڕێکخراوە کرێکارییە بەهێزەکان, ئیدی چارەنووسی شۆڕش وکۆمۆنیزم و دەسەڵاتی سیاسی لەژێر پرسیاردایە. کێشەکە ئەو بابەتە نیە کە هاوڕێ مەنسوور حیکمەت لەووتاری حزب و دەسەڵاتی سیاسی شیکاری دەکات, کێشەکە میکانیزمەکانی بوونی ئەم حزبەیە بەئاسۆی ڕزگاری چینی کرێکاری عیراق لەسیستەمی سەرمایەداری لەعێراقدا. پەیوەندی و مامەڵەی ئەم حزبەیە لەگەڵ دیاردەی مەبەستەکەی خۆی. بوون بەحزبی چینی کرێکار.ئەم حزبە دەتوانێت سیاسەت و تاکتیکی نادروست بگرێتە بەر لەبەرامبەر ڕێکخراوەی سەربەخۆی ئافرەتان, سەنتەری پارێزگاری منداڵان, ...ئەوەش لەنێو چەوسانەوەو کێشەی ژناندا بەگران تەواو نەبێت . بەڵام بۆ کرێکاران دەبێت ووردترو هۆشیارانەتر و بەڕاستی بەرپرسانەتر هەڵوێست بگیرێت. مەسەلەکەش بە واقعی ئیدی دەچێتە زیندووترین خاڵ و

ئیدی نیەت و مەرامە سیاسیەکان دەچنە ڕەوەندی کێشەی تەقالید وسوونەتە کۆمەلایەتیەکانی نێو حزب. بابەتی بزووتنەوەی کرێکاری بۆ حزبی کۆمۆنیست بابەتی دەرەوەی خۆی نیە ورۆشنە پێویستەئەم دووبزوتنەوەیە پێکەوە هەڵپێکرێن, لەهەموو بوارەکانیدا. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری پێوەری سەرکەوتن و بەرەو پێشەوبردنی خەباتەکەی و کێشمەکێشەکانی لەنێو کۆمەڵگادا, دەبێت جێگاوڕێگای چینی کرێکار بێت. چینی کرێکارە شەقڵ دەدات بەخەباتەکانی تر....بەمیللی و ژنان و لاوانیشەوە. ئێمە لەسەرمانە وەك کۆمۆنیستانێك خۆمان لەئاوێنەی بزووتنەوەی کرێکاریدا تەماشا بکەین , بزووتنەوە ناسیۆنالیستەکان لەنێو نەتەوەکاندا, ئیسلامی سیاسی لەنێو موسڵمانانداا....من لەوبارەوە تەواو نیگەرانم لەهەلسوڕانی ئێستای حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق. نیگەران نیم لەشکستەکانی چونکە دەتوانرێت قەرەبوو بکرێتەوە, نیگەران نیم لەوەی کۆمەڵایەتی نابینەوە, چونکە دڵنیام تواناى ئەنجامدانی پرۆژەی گەورەی سیاسیمان هەیە. کاتێك ئینسان هەست بەنامۆیی قووڵی خۆی دەکات بەسیاسەتێك کە پێویستی بەوەرچەرخانی گشت سیاسەتی حزب هەیە. حزب بەفرسەخ دوورکەوتۆتەوە لە ئامانجی ناوەڕۆکی سەرەتایی پێکهاتنی. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری عێراق بەئەندازەی گروپی ڕەوتی کۆمۆنیستی جاران پەیوەندی بەچینی کرێکارەوە نیە پەیوەندی بەکرێکارانی نەوتی کەرکووك, زەیتوان, سابوون, ڕێگاوبان, نەسیج, مافوور, جگەرە, ئەلبیسە, دەواجن, کاشی, دوورمان, ئەهلیەکان, نەخۆشخانەکان.... دەیان ڕشتەی وبەشی تر بۆ ئەم هێلانە کوێرکرانەوە و کوێربوونەوە.

باڵادەستی بۆچوون وسیاسەتەکانی چەپی ڕادیکاڵ بەسەر گشت سیاسات و پراتیکی حزبدا, بەبۆچوونی من جەوهەریترین خاڵێکە کە تائێستا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری لەقاڵبداوەو وێنەیەکی ناکۆمەڵایەتی داوە بەپرۆژەو سیاسەتەکانی وبەڵام لەداهاتووشدا هەربەهەمان ئاڕاستەدا نارۆات , ئاڕاستەی تر وپرۆژەی تر دەخاتە نێو کارو چالاکیەکانی حزبەوە. سیاساتێك کە لەم چەند ساڵەی پێشووی حزبدا گیرایەبەرو هەڵسوڕانێك کە ئەندام و کادرو رابەرییەکەی نایانە دەستوورەوە. بۆ ژنان بوون, بۆ نەتەوەکان بوون, بۆ لاوان بوون, بۆ ئاتەئیستەکان بوون. بۆ کرێکاران کەمترین بایەخی هەبووە وخەباتی کرێکاران لەم نێوەدا نەك وەك تەوەرەیەکی بنەڕەتی بەڵکە لەهەرە لاوەکیەکان بووە.

بەبۆچوونی من ئەم کێشەیە ڕێککەوت نیە ومەوزعیەتی چالاکی و گەشەی حزب و تێڕوانینی زاڵ ئەم شێوەیەی هێنایە دەرەوە. لەلایەك چینی کرێکار وبزووتنەوەکەی ئاسان و سووك خۆیان نادەنە قەدەری میزاجی هەموو حزبەکان ودەبێت بەدەیان تاقیکردنەوەو ئەزموونت بکات و ڕامت بکات, ڕۆژانە و بەردەوام و هەمیشەیی لەگەڵیان بیت.ئەم کارەش بۆ کەسانێك ولایەنێك کە هەناسەیان سوارەو دەیانەوێت بەزوویی دەسەڵات بگرن و دەرکەون وجەماوەری ملیۆنی ببنە ئەندامی و لەسەر بەیاننامەکانی بڕژێنە سەر شەقامەکان وبڕوخێ وبژییەکان هۆڵی سمینارەکان پڕ بکات. ئەم چالاکیانە فورسەتیان لەنێو کرێکاراندا پەیدا نابێت. پاش بێئومێدی لەبزووتنەوەی کرێکاری و ئومێد بەبزووتنەوەی تر گەڵاڵە دەبێت ژنان, ئاوارەکان, ڕیفراندۆم, دژی شەڕی نێوخۆیی,دژی گەندەڵی و فایلداری و ....بۆنە و موناسەباتەکان جێگەی دەگرنەوە. ئەمانەش هەمیشە هەڵخەڵەتێنەرن بەتەنها بکرێن و تەنانەت زیان بەخش تەواو دەبن ئەگەر میحوەری سەرەکی چالاکی کۆمۆنیستی فەرامۆش بکرێت یان وەك پەراوێز بۆی بگەڕێیتەوە. ئەحزابی سیاسی کۆمەڵایەتی و ڕیشەیی کە ممکنە نەوەکان لەیەکتری وەربگرن و دەبێتە ترادسیۆنی فکری و سوونەتی کۆمەڵایەتی, دەبێتە بۆماوەی جیناتی خانە چینایەتیەکان. بۆ بزووتنەوەی کۆمۆنیستی هەڵبژاردن نیە لەتاکتك لەحکومەت, لەپێشنیار نیە بۆ چارەسەری کێشەی نەتەوە, لەکەمپینی بەرگری لەپەنابەر, لەگۆڕینی یاسا ئەحوالی مەدەنی. ئەم چینە مەوزوعیەتی شۆڕشگێڕانەی نەچۆتە ژێر پرسیارەوە. تەنانەت تا ئێستاش لەگەورەترین و ئارامترین دەوڵەتانی ئەوروپادا, مانگرتنە سەراسەرییەکانی چینی کرێکار دەوڵەتی خستۆتە ئەزمەی کوشندەوە و پەکی خستووە.ئەگەر کەسێك بپرسێت پاش 14ساڵ لەتەشکیلدانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری, ئێوە پەیوەندیتان لەگەڵ چینی کرێکاردا چۆنە؟ کاریگەریتان لەسەر ئاسۆ وڕەخنەی رابەرانی کرێکاری لەحکومەت چیە؟ خسووسیاتی چینی کرێکاری عیراقی چیە؟ خەباتیان لەدەوری چیە؟ لائیحەی داواکارییە سەراسەرییەکانیان چیە؟ چەند دەر سەدی حزبی ئێوە مەشغەلەی خەباتی کرێکارانە؟ رابەرانی بزووتنەوەی کرێکاری لەگەڵ ئێوەیە؟ چەند دەرسەدی ئەندامانی ئێوە لەچینی کرێکارە؟.....

من وەك ئەندامی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عێراق , ئەم دووركەوتنەوەیەی حزب لەچینی كرێكار بەئەستۆی خۆمی دەزانم و بەئەستۆی تەواوی حزب دەزانم. بەڵام خودی كێشەكە لێرەدا كۆتایی نایەت. ئەبێت ئەوەش بنووسم كە ڕەخنەی من لەو كارانە نین كە كراون, بەڵكە لەو مەیدانانەیە كە جێگایان بەشتی تر پڕكراوەتەوە. كۆمۆنیزم پێویستی بەبزووتنەوەیەكی ووشیارانەش هەیەلەگەڵ خۆیدا پەرەی پێبدات و دژی تەوژم بوەستێتەوە. بزووتنەوە جەماوەرییە هەڵچوەكان و شەپۆلاوییەكان كەمتر پێویستیان بە فكر هەیە, هێندەی پێویستی بەشیعار هەیە, پیویستیان بەلێكدانەوەی سیاسی و تیوری نیە هێندەی ڕاگەیەندراوی تەبلیغی دووبارە بووە. ڕووداوەكان پێویستیان بەهەڵویستگیری هەیە نەك بەبوون بەشێك لەڕووداوەكان. لەمنێوەدا چرای مەعریفەو زانیاری و ڕافەكردن و تیۆری ماركسیستی دەكوژێتەوەو لەبرییان وەڵامدانەوەی كرچ وكاڵ بەهەندێك ڕۆشنبیرانی بۆرژوازی بەرهەمی خەباتی تیوری پێكدەهێنێ. لە سێسەد بڵاوكراوەی كوردی زمان, تاكە بڵاوكراوەیەكی ڕەنگی تۆی پێوە دیار بێت نیە. دەستكورتی مەعریفی لەزەمانێكدا كە ئەنتەرنیت وسەتەلایت و دام ودەزگاكانی بڵاوكراوە زەبەلاحەكان هەبن, تەنها ڕەنگدانەوەی دەستكورتی مالی قەناعەتهێنەر نابێت. بەهێزی فكری فەلسەفی و تیوری و سیاسی ماركس و لینین و مەنسور حیكمەت , ناتوانرێت لەخۆیاندا وبەخۆیان شرۆڤە بكرێت. ماركس لەقووڵایترین ئامانجەكانیدا شۆڕش و ڕزگاری چینی كرێكارو بەشەریەتی دانا. پیلخانۆف لەنووسینێكیدا عەبقەرییەكان بەوانە دەناسێنێ كە بەشوێن هەقیقەتەوەن كە بیدۆزنەوەو كەشفی بكەن. دەڵێت عەبقەرییەكانی مێژوو هەمیشە ئەوانە بوون كە هەولیان داوە هەقیقەت كەشف بكەن. لاوازی فكرو خوێندنەوەو جدالی فكری و تەنانەت لەنێو رابەرایەتی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراقیشدا پەیوەندییەكی پتەوی بە ئەركەكانی ئەم رابەرییەوە هەیە. ئەركی سازماندان ورابەریكردنی شۆڕشی كۆمۆنیستی و ئاڵوگۆڕی فۆرماسیۆنی كۆمەڵایەتی پێویستی بەنقدی ڕیشەیی هەیە لە تەواوی پەیكەرەی سەرمایەداری و ڕێكخستنەوەی كۆمەڵگا لەدونیایەكی تەواو نوێدا. شتێك كە لەیۆتۆبیاوە وەرچەرخێتە سەر واقعێكی باڵا. عەبقەرییەتی ماركس و مەنسوری حیكمەت و فەیلەسوفانی تریش لەدیدگای ڕەخنەگرانەی میتۆد و دنیابینی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە. ڕەخنەی كرێكار لەسیستەمی سەرمایەداری, ڕەخنەی ئینسان لەدەسەڵاتی جەهل وخورافە, ڕەخنەی پەیوەندی كۆیلایەتی و دەسەڵاتی مردوو بەسەر ژیان و چارەنووسی ملیاردها ئینسانەوە. ....كاتێك ڕەخنە نایەوێت بگەڕێتەوە بۆ بنچینەی نەگبەتیەكانی كرێكارو ئینسان و ڕیشەی كۆیلایەتی لەسەردەمی نوێدا, ئیدی بۆ باشتركردنی ژیان و كەمكردنەوەی چەوسانەوەی هەندێك توێژ و بێماڤی و سەركوت و تیرۆر وداگیركاری, بڕی هێندە زەخیرەی ئایدۆلۆژی و لێكدانەوەی سیاسی پێویستە. من كاتێك ئەم ووتارەم دەنووسم, ئەوە نیە خۆمی لێبەریبكەم, ناشمەوێت هیچ ئەندامێكی حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق بێبەرپرس بكەم لە ڕەخنەكەم بەتایبەت كادران و ڕابەرانی كۆمیتەی ناوەندی. بەبۆچوونی من تاكە ڕەخنەیەكی چارەسەری بنەڕەتی لەحزب ئەوەیە. حزب دامەزراندن لەسەر قووڵكردنەوەی ڕەخنەی ماركسیستی لەكۆمەڵگا دەست پێبكەین.

ماركسیزم لەحزبی ئێمەدا, تیور ومیتۆدێكی بەركار نیە. هۆشیاری ماركسیستی و كۆمۆنیستی لەنێو كادران و ئەندامانیدا بەپێویست نیە. ماركسیزم و چینی كرێكار, دوو دیاردەی كۆمەڵگای سەرمایەدارین و لەگەڵ پەیوەندییەكانی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری وكەڵەكەبوونی سەرمایەدا, ئەمانیش پەیدابوون. حزبی كۆمۆنیستی كرێكاری عیراق لەزۆر ڕووەوە, دەكرێت كەموكوڕییەكانی دیارییبكرێت و قسەی هەموومانە. ناوەندی ڕەخنەكەی من پەیوەندی بەم ڕووداوانەی نێو یەكێتی شوراو نەقابەكرێكارییەكانەوە نیە, بەڵام لەوێدا ئینسان دەتوانێت بیاندۆزێتەوە.بەرجەستەیە, دەستیلێبدات. تاقیبكاتەوە. ئەمەش خۆیان وا دەخەنە ڕوو بەیەكگرتنی ریزەكانی یەكێتی یەكە, پارچەنەبوونی بەشەكانی هەڵسوڕاوانی كرێكاری, پابەند بوون بە موزاین و بڕیارو پێڕەوەكانی نێوخۆی ڕێكخراوەكان, وە لەهەموو ئەمانەش واوەتر كاتێك هاوڕێیەك لەگەڵ بانگەوازەكەدا نەیەتەوە و ڕەخنەی بۆچوونەكانی بەچەپی تەقلیدی وسوونەتی لێدەگرێت. ڕووبەڕووی ڕەخنەگر دەكاتەوە و ئەم كێشمەكێشەش نێو دەنێت جەدەلی فكری.

بەبۆچوونی من تاکە ڕێگای چارەسەری ئەم کێشەیە, گەڕانەوەیە بۆ پێڕەوی نێوخۆیی و بڕیارو پەسەندکراوەکانی. ئێمە پێویستە پابەندی تەواوی بەرنامەو سیاسەت و مەوازینەکانی یەکێتیەکە بین. بڕیارەکانی یەکێتیەکە بەڕەسمی بناسرێ و لەکۆمەلگەش شەرعیەت و ڕەسمیەتی پێبدەین.

بەلاّم بەبۆچوونی من ئێمە بۆ ئەوەی هەموو سەفەرێ کە ڕێکخراوێك گەشەدەکات و شەخسیەتی سیاسی و کۆمەلایەتی وەردەگرێت لەگەلّ هەڕەشەی داڕووخانی کتوپڕ ڕووبەڕوونەبینەوە, پێویستە یەك سیاسەتی تەواو جیاواز لەو شێواز و کانالاّنە بگرینە بەر بۆ تەدەخولمان بەتایبەت بۆ چینی کرێکار. ڕێکخراوەی سەربەخۆ, وەهم نیە, سەربەخۆ یانی سەربەخۆ.ئیدی بڕیارو سیاسات و هەموو میکانیزم و پرۆسە و کۆنگرەو کۆبوونەوەکانی سەربەخۆن و دوورن لەتەدەخولاتی ئەحزابەوە. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری نەك لەسەر ئەندامگیری ورابەرییەکەی و.....بچێتە کێشەوە بەلّکە پێویستە کار لەسەر ئاسۆ وستراتیژییەکانی ڕێکخراوە کرێکارییەکان دابنێت.

هەر لەپەیوەند بەسەربەخۆیی ڕێکخراوەکانەوە, پێویستە نەترسین کە ڕێکخراوێك پێدەگرێت و گەشەدەکات و میکانیزمی خۆی دەدۆزێتەوەو رابەری دادەمەزرێنێت. ترس لەکۆنترۆلّی لەلایەن نەیارانەوە, هەمیشە وەك خەتەرێکی ئینقلابی چاویلێکراوە بۆ ئەوەی زۆر دوورنەکەوینەوە. چەندین ڕێکخراومان کردە قوربانی ترسەکەمان و نەمانهێشت گەشە بکات. سەربەخۆیی ڕێکخراوەکانی ئێمە هەر هەندەی ڕێکخراوەمەوجوودەکانی سەر بەدەسەلاّت, سەربەخۆن. ئێمە ئەگەر بمانەوێت جەماوەری بێت, کۆمەلاّیەتی بێت, پێشمەرج شەرتی تەئیدی حزب ورابەری حزبی لێداوانەکەین. ئەمە بەتەواوی هەلّەیە. تاکە دەروازەی پەرەسەندنی یەکێتی شوراو نەقابەکرێکارییەکان لە سەربەخۆیی هەلّسورانی ڕێکخراوەکەدایە, کاریگەری حزب لەسەر ئاسۆ وستراتیژی و ڕەخنەی ڕادیکالّی ئەو لەحکومەت و دەسەلاّتدارەتی و سەرمایەداری.

بەکورتی بمانەوێت لەنێو ئەم کێشمەکێشە سیاسیەدا, دەستکەوتێکی ڕێکخراوەیی بەدەست بهێنین, پێویستە مامەلّەیەکی سیاسیشی لەگەلّ بکەین. ڕێکخراوەیەك نەك لەسەر میزاجی هیچ کەس و هیچ سەرۆك و ئەندامانی لیژنەی تەنفیزی جیابوونەوە و دووکەرت ببێت وکودەتا بکەن و تەشهیر بلاّوبکەنەوە, دەبێت پەلەپەل نەکەین لەیەکگرتنەوە. ئەگەر تەنانەت دوو مەیل جیاوازیش بێت دەتوانن ئیتفاق بکەن. بەلاّم بەبۆچوونی من بوار بدرێت ئەم پرۆسەیە ماوەیەکی باش بخایەنێت .

**جەمال کۆشش**

5.8.07